گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری جیهانگیری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**م.ی. توانا عثمان محمدأمین**
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی یاساو پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان, زانکۆی لوبنانی فەرەنسی ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
twana.amin@lfu.edu.krd
twana.mohamedamen@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢١/٥/٢٥
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
*Social change, Globalisation،Caltural, The positive aspects, Downsides, Social dim ension, The influence*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.11

## پوختە

جیهانگیری دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە و لەزۆر لایەنەوە کاریگەری ڕاستەو خۆ و ناراستەو خۆی هەیە بەسەر کۆمەڵگاکانەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیەمان بە ئامانجی تیشك خستنە سەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی جیهانگیری ئامادەکردووە؛ بەتایبەتی خستنە ڕووی کاریگەریەیکانی جیهانگیری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم توێژینەوەیەمان لە چەند بەشێك پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان پێکهاتووە، لە ڕەهەندەکانی تویژینەوە (گرفت، گرنگی، ئامانج)ەکانی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو. لە باسی دوووەدا کە تایبەتە بە ناساندنی چەمکەکانی(جیهانگیری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی)، بەشی دووەم تایبەتە بە توێژینەوەکانی پێشوو کە دووتوێژینەوە (عەرەبی، کوردی)، خراونەتەڕوو، لە بەشی سێیەمدا بابەتی پەیوەندی جیهانگیری بە گۆڕانی کولتوری و کۆمەڵایەتی و لایەنە ئەرینی و نەرینییەکانیان خراونەتە ڕوو، بەشی چوارەمی توێژینەوە، چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە دەگریتە

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆ. لەبەشی پێنجەمدا زانیارییە بەدەستهاتووەکان خراونەتەروو، بەشی شەشەم و کۆتایی، تەرخانکراوە بۆ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

## پێشەکی

چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراویش دەیەی نەوەدەکان، جیهان کۆمەڵێك وەرچەرخان و گۆڕانکاری خێرا و گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، خستە بەردەم چەرخێکی نوێوە، گۆڕانکارییە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی شۆڕشی زانیاری، پێکەوە کۆمەڵێك وەرچەرخانی گرنگ و چارەنوسساز بوون بۆ سەرهەڵدانی نەزم و تەرزێکی نوێی جیهانی، هەندێك ئەم قۆناغە بە ناوی جیهانگیری دەیناسێنن، جیهانگیری(العولمە-globalization)وەك دیاردەیەکی ئابوری، رامیاری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و زانیاری، لە ناوەندە رۆشنبیرییەکانی جیهاندا، گرنگی و بایەخێکی زۆری پێیدەدرێت و چەندین دامودەزگای فەرهەنگی، بیرمەند، شارەزای بە خۆوە سەرقاڵکردووە، رەهەندە زۆر و زەوەندەکانی ئەم دیاردە جیهانییە، ئاڵۆز و گشتین؛ بێشك رەهەندە جیاجیاکانی جیهانگیری، کاریگەری جۆراوجۆریان هەیە لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەکان، زۆر لە دیاردە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خستوەتە بەردەم وەرچەرخان و گۆڕانکاری ریشەیی و هەندێکجاریش مەترسی و هەڕەشەوە، یانیش بە تێکەڵاوبوون بە دیاردە جیهانییەکان. سەبارەت بە رەهەندی کولتوری و کۆمەلایەتی دەتوانیین بڵێین، پرۆسەی جیهانگیری کۆمەڵایەتی و کولتووری زۆرێك لە بەهاکانی خستوەتە بەردەم گۆرانکارییەوە، بە سەرنجدان لەکۆی گۆڕانکارییەکان و بەرزبوونەوەی قەبارەی ئەو کاریگەرییانە لەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، وەك تاك، خێزان، چین و توێژە جیاجیاکان، دەبینین وردە وردە تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان، پتر گۆرانیان بەسەردا دێت، لە بەرانبەردا خەریکە وردە وردە کۆمەڵێك بەهای نوێی گڵۆباڵ و جیهانی، جێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەکاندا دەکەنەوە، دیارە ئاست و ئاراستەی ئەم گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییانەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕێت.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان:

### دەستپێك :-

لەم بەشەدا کە بە رەهەندەکانی تویژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان ناسراوە، لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا واتا ڕەهەندەکانی تویژینەوەکە، باس لە کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەکرێت؛ خودی چەمکی رەهەند بەمانای دووری دێت، بەڵام لێرەدا زیاتر بەمانای مەیدان و مەودای توێژینەوەکە بەکارهاتووە. سەبارەت بە باسی دووەم، واتا دیاریکردنی چەمکەکان، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە ناونیشانی تویژینەوەکە پێکدەهێنن؛ لەم باسەدا چەمکەکان بەجیا دیاری دەکرێن و بەوردی پێناسەیان بۆ دەکرێت.

### 1-ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-

### 1-1- کێشەی توێژینەوە :-

لە دەستپێکی هەر تویژینەوەیەکی زانستی، دەستنیشانکردنی گرفتی تویژینەوە، بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، چونکە توێژەر بەرچاو ڕوون دەبێت و دەزانێت بەدوای چارەسەرکردن یاخود ڕوونکردنەوەی چ گرفتێکەوەیە، دەیەوێت چ پەیوەندییەك بسەلمێنێت لەنێوان گۆڕاوەکانی تویژینەوەکەیدا؛ واتا گرفتیی تویژینەوە، بریتییە لەو گرفتەی توێژەر دەیەوێت شیبکاتەوە و لێی تێبگات و بیخاتە ڕوو؛ هەر بۆیە توێژەر لەسەرەتای هەر تویژینەوەیەکدا پێویستی بە دیاریکردنی گرفتی تویژینەوەکەی دەبێت بە شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا، کە پێویستە تویژەر لە ئەنجامی پرۆسەیەکی بیرکردنەوە و تێڕامانێکی دووردریژ و ئاڵۆزی هزریدا دایبرێژێت، پێویستە توانا ماددی و هزری و زانستی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و کاتی گونجاو لەبەرچاو بگرێت. بۆیە دیاریکردنی گرفتی توێژینەوە بەیەکێك لە گرانترین و گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، سەبارەت بەم توێژینەوەیە، دەتوانین بڵێین جیهانگیری ( العولمة/ globalization) وەك دیاردەیەکی ئابوری، رامیاری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و زانیاری،کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر کۆمەڵگاوە، یەکیك لە گرنگترین کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتووریەوەیە، بەجۆرێك بۆتە فاکتەرێکی گرنگی گۆرانی کۆمەڵایەتی، وەك کاریگەری لەسەر گۆرانکاری لە پێوەر و بەها و داب و

نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا، لێرەوە دەتوانین بڵێین گرفتی ئەم تویژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیاریك بداتەوە، لەوانە:

1- مەبەست چی یە لە جیهانگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی؟
2- جیهانگیری تاچەند رۆڵی هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا؟
3- پەیوەندی نێوان جیهانگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی چییە؟

### 1-2- گرنگی توێژینەوە :-

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگییەکەی لە دوو لایەندا بەدەردەکەون، یەکەم لایەنی تیۆری، دووەم لایەنی پراکتیکی(مەیدانی). لەڕووی تێورییەوە، توێژینەوەی زانستی دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبونی مەعریفەی زانستی لەو بوارانەی توێژینەوەی تێدا ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بەم توێژینەوەیە، هەوڵدەدرێت کاریگەری و ڕۆڵی جیهانگیری بخەینە روو لە ؛ ئەمەش لەڕووی زانینی خەسڵەت و تایبەتمەندی و سیما دیارەکانی ئەم دیاردە جیهانییەوە دەبێت، کەدواجار ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ دارِشتنی پێناسە و گریمانەی زانستی و تێوری نوی، سەبارەت بە جیهانگیری و کاریگەری لە پرۆسەی گۆرانی کۆمەلایەتیدا. دووەم لە لایەنی پراکتیکییەوە، دەکرێت ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوە زانستییەکان پێی دەگەن، وەکو میکانیزمێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەی کاری دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت. لەم توێژینەوەیەشدا، دەکرێت سوود لە دەرەنجامەکانی وەربگیرێت بۆ دیاریکردنی جۆر و ئاستی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەسەر گۆرانی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگادا و چۆن وەکو میکانیزمیکی ئاراستەکردنی گۆرانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهینرێن بەتایەبەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

### 1-3- ئامانجی توێژینەوە :-

پێویستە توێژینەوەی زانستی چەند ئامانجێکی هەبێت، کە دەخوازریت لە میانەی توێژینەوەیدا پێی بگات، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لە گۆرانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا؛ کە خۆی لە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە :

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- کاریگەرییەکانی جیهانگیری لە گۆرانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

2- دیاریکردني کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی جیهانگیری لەسەر کۆمەڵگا و کۆمەڵگای کوردی.

3- پەیوەندی جیهانگیری بە گۆرانی کۆمەڵایەتی بەپێی جیاوازی لە گۆراوەکانی(ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، پیشە و پۆست).

**1-1- دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە :-**

چەمك ئەو زاراوە و دەستەواژە سەرەکی و بنچینەییانەن کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت؛ بە گوزارشتێکیتر، چەمك واتە کۆمەڵێك هێمای دیاریکراو، ناوەرۆکی بیرۆکەیەك یان ڕەفتارێك یاخود هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی، بۆیە لەسەرەتای توێژینەوەکەدا، پێویستیان بە ناساندن و دیاریکردنی ماناکانیان هەیە، تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسان پرۆسەی گواستنەوەی ماناکان و تێگەیشتن لە هزری تویژەرەوە بگاتە خوێنەر. (شوانی، 2015، ل221)
چونکە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەمووان بەیەك شێوە ڕوون و بەرجەستە نیین، بەڵکو بەپێی جیاوازی تویژینەوەکان و جیاوازی پسپۆڕایەتی و تیرِوانینەکان دەگۆڕێن؛ بۆیە پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی مانا و ئاماژەکانی توێژینەوەکەی ڕوون بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش پێویستە توێژەر پشت بەو زاراوە چەمکییە تیۆرییانە ببەستێت کە لە ئەدەبیاتی تیۆری کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت، تاوەکو ئەو دیاردە لێکچوو و هاوشێوانە پیشان بدات کە ئەو توێژەرانەی پێش ئەو لەو مەیدانەدا تویژینەوەیان لەسەر کردووە.(عومەر، 2012، ل.72)
بۆیە ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا، بەپێی تێڕوانین و بۆچونی پسپۆڕان و تایبەتمەندی بوارەکانیان، دەمانەوێت هەریەك لە زاراوە و چەمکەکانی(جیهانگیری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی) بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینە ڕوو.

**1- جیهانگیری:**

دارشتنی پێناسەیەکی ورد و تەواو بۆ دیاردەی جیهانگیری، کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش پتر بۆ فرە تێروانینی جیاواز دەگەڕێتەوە لەبارەی سەرهەڵدان و سەرچاوە و بنەما و ئامانج و باکگراوندەکانی ئەم دیاردە جیهانییە.

جیهانگیری لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە، لە دنیای رۆژئاواوە هاتوەتە نێو زمان و رۆشنبیری کوردییەوە، ئەورووپییەکان پێیدەڵێن(globalization)، لە وشەی(global)، وەرگیراوە، بەمانای گۆی زەوی دێت، لە زمان و فەرهەنگی عەرەبیشدا وشەی (العولمة) بۆ ئەم چەمکە بەکارهاتووە، هەندێکجاریش خودی نوسەرە عەرەبەکان وشەی(الكونيه)و(الكوكبه)، بەکاردەهێنن. (بارام، 2017، ل28).

بیرمەندانی کۆمەڵناسی زۆرجار چەمکی(Global Culture)، واتا(کولتوری جیهانی)، بۆ بەکاردەهێنن. بەپێی پێناسەی (رۆناڵد رۆبێرتسۆن)، بۆ جیهانگیری، واتا بونیادنانەوەی کۆمەڵگاکانی جیهان بەشێوەی دەرکەوتنی یەك حاڵەتی مرۆیی جیهانی، بەواتای لابردنی سنووری ئابووری و زانستی و مەعریفی نێوان هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤ بە کەمکردنەوەی دووری نێوانیان؛ جا چ جوڵەی خەڵک بێت، چ کاڵا، خزمەتگوزاری بێت یان سەرمایە، یان زانیاری ، ئایدیا و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.(مناصرية، 2012، ص45)

جیهانگیری บارودۆخێکە کە تیایدا پرۆسەی گۆڕینی شێواز و بونیادی سیستەمە ئابووری ، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەبێت. بەشێك لە توێژەرانی ئەم بوارە، پێیانوائە ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی بەها و داب و نەریتە زاڵەکان و نەهێشتنی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکانە لە چوارچێوەی بە نێودەوڵەتیبوونی سیستەمی سەرمایەداریداری نویدا .(عويشة، 2013، ص12).

بەشێك لە بیرمەندان پێیانوایە، سەردەمی عەولەمە سەردەمی کارلێك کردنە لە نێوان مودێرنە و هەموو کولتوورەکانی دیکەی مروڤایەتیدا، وەک کولتووری ئیسلامی و کولتووری چینی کۆنفۆشیوسی یان کولتووری هندوسی یان کولتووری بوزی یان ئەفریقی ...هتد. لەریی ئەم کارلێککردنەوە شتانیکی نویٚ دینە ئارا کەهێشتا نایان ناسین و ناتوانین پێشبینییان بکەین.(صالح ، 2012، ل170)

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم پرۆسەیەدا کات و شوێن زیاتر لە جاران لێکنزیکتر دەبنەوە؛ لەریگای ئەوەوە خەڵکی کۆمەڵگاکانی جیهان، کەم تا زور و بەشیوەیەکی وشیارانە، ئاویتەی کومەڵگەی جیهانی دەبن. بەدەربڕینێکی دیکە، بەجیهانیبوون بە پروسەیەکەوە گرێدراوە کە لە رەوتی ئەودا تاك و کومەڵگا لە پانتاییەکی جیهانیدا لێك گرێ دەدرێن. (گوڵمحەمەدی، 2007، ل12).

لەراستیدا جیهانگیری هەم پرۆسیسە، هەمیش تیۆری، دیاردەی بچووك کردنەوەی جیهانە بە شێوەی یەك یەکەی کومەڵایەتی و ئابووری. هاوکولتووری. تیۆری جیهانگیری تیۆریکی نوێیە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەری هەڵداوە، بەڵام جیهانگیری وەك پرۆسێس، مێژوویەکی دووری هەیە، چونکە هەر شارستانییەتێك هەوڵیداوە بەشێك لە کولتوورەکەی بە جیهاندا بڵاو بکاتەوە و بەجیهانی بکات. (عەبدالقادر، 2014، ل30).

جیهانگیری لەلایەکەوە ئاماژەیە بۆ بچوکبوونەوەی جیهان لە ڕووی لێکنزیکبونەوەی کۆمەڵگاکانی جیهان بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندنەی پێشکەوتووەوە، لەلایەکیترەوە کاردەکات بۆ بونیاتنانی جۆرێك لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی جیهانی بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کۆی مرۆڤایەتییەوە هەیە، بەمەش جۆریك لە گۆرانکاری لە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا هیناوە و وایلێکردووە فراوانتر بیربکاتەوە و دوربکەویتەوە لە ناوچەگەرێتی و دۆگمابوون. (Waters, M. 2013. P4). بەم هۆیەشەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر پەیوەستبوون لەسەر خێراتربوونی ڕێژەی کارلێک و کاریگەری نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. (الحديثي، 2011، ص511).

بە بۆچوونی(ئەنتۆنی گیدنس)، کۆمەڵناسی بەریتانی، جیهانگیری قۆناغێکی نوێی دەرکەوتن و پێشکەوتنی مۆدێرنەیە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی جیهانیدا چڕتر دەبنەوە، کە پێکەوەیەکی نەبینراو لە ناوەوە و دەرەوەدا هەیە، و ئەو شوێنەی کە پێوەندییە ناوچەیی و جیهانیەکان بە ئابووری، کولتووری، سیاسی و مرۆییەوە گرێ دراوە، ئەم پەیوەندیانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن مانای هەڵوەشانەوەی تەواوی ناوخۆ نییە و مانای ئەوە نییە کە ڕەهەندی جیهانی کۆتایی بە ڕەهەندی ناوخۆیی هێناوە، بەلکو وەک درێژکراوەیەک دەیگرێتەوە و ئەنجامی نوێگەری زیاد دەکرێت بۆ ئەو رەهەندە ناوخۆییانەی کە کاریگەری لەسەر رەفتار و باوەڕ و ئایدیای تاکەکان دەکەن. بە جیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا بە بەشە جیاوازەکانییەوە دەرفەتی ئەوە پەیدابکەن کە خۆیان لە

سنوورەکان دەربازبکەن. جا ئەم سنوورانە سنوری نەتەوەکان بگرێتەوە. بۆیە وەک دەڵێن دەتوانێت هەڵگری شوناسی لۆکاڵی بێت، واتە بەهێزی بکات. یان دەتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ شوناسی گەورەتر کە کۆمەڵگاکان زۆرتر تێکەڵی یەک بکات. بۆیە هەموو ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێن کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون ئەوەندە زەقە کە بەئاسانی دەتوانین رەچاوی بکەین لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا.(ماجدة، 2010، ص48).

لەبەر رۆشنایی ئەم پێناسە و شیکردنەوانەی سەرەوە، دەکرێت پێناسەیەکی کارڕایی(اجرائی)، بۆ چەمکی (جیهانگیری)، بکەین؛ دەڵێین پرۆسەی جیهانگیری لە رەهەندە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، بریتییە لە تێکەڵکردن و کارلێککردنی کولتوور و بەها و داب و نەریتی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی جیهان، بەجۆرێك دەکرێت کولتورێکی جیهانی دروست بکات، یاخود کولتور و نەریت و شارستانییەتی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لەڕووی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندنەوە بڵاوبکاتەوە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگاکانی جیهان بەمەش دەبیتە هۆکاری گۆرانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا.

## 2- گۆرانی کۆمەڵایەتی:

ڕۆشنبیران و فەیلەسوفان لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە گرنگییەوە چاودێری ئەو گۆڕانکاریانە کردووە کە لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا روویانداوە، لەم بارەیەوە نوسینی زۆر دەبینیین کە بوونەتە سەرمایەیەکی زانستی بۆ پسپۆڕانی بواری زانستە کۆمەلایەتییەکانی ئەم سەردەمە سەبارەت بە گۆرانی کۆمەلایەتی. پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە دەستەواژەی "گۆڕانی کۆمەڵایەتی" سەرەتا لە نووسینەکانی(ئادەم سمیس)، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا(سامانی گەلان)، کە لە سەدەی هەژدەدا نوسیویەتی دەرکەوتووە. ئەم چەمکە بەشێوەیەکی فراوان بڵاونەبۆوە تەنیا دوای ئەوەی کۆمەڵناسی ئەمریکی " ئۆگبێرن " کتێبێکی بەم ناونیشانە لە ساڵی(1922)دا بڵاوکردەوە. پێیوابوو کە گۆڕان دیاردەیەکی گشتی و بەردەوام و هەمەڕەنگە و پێویست ناکات بە سیفات و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوەوە ببەسترێتەوە، بۆیە دەستەواژەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی چەمکێکە لەهەڵسەنگاندن دا ئازادە و پەیوەست نییە بە سیفاتی ئەرێنی و نەرێنییەوە.(سفیان، 2012، ص115)

گۆڕانی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی گشتگیر و بڵاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. هیچ کۆمەڵگایەک نییە بێ گۆڕان، کۆمەڵگا جگە لە گۆڕان و جوڵە و گواستنەوە، کردار و کارلێک، هیچی تر نییە. سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم پەیامە زۆر بە نەرمی هەڵدەگرێت.( Sztompka, P. 2004, p155)

لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە لێکۆڵینەوە لە بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە مانای هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆمەڵگادا لە بونیاد و پێکهاتە و شێوازی کارکردنیدا ڕوو دەدەن، لەم بارەیەوە " کای ڕۆچەر " دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە " کۆی گۆڕانە چاودێریکراو و ڕاستکراوەکان لە کاتی خۆیدا پێناسە دەکات، کە بەشێوەیەکی کاتی کاریگەری لەسەر بونیاد و کارکردنی گروپێک هەیە بۆ ئەوەی کە لە ماوەی کاتی خۆیدا ڕێرەوی مێژووی خۆی بگۆڕێت " کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە لەسەر ئاستی کردارە هزرییەکان ، نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت.(بوعدة، 2017، ص212).

کۆمەڵناسی ئەلمانی(جۆرج زیمیل، 1858-1918)، پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نابێت وەکو دۆخێکی نائاسایی سەیر بکرێت، بەڵکو ئامرازێکی پێویستە بۆ بەردەوامبوونی ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییەی لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. (صادق، 2011، ل15).

گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، گۆڕانی بەرچاوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان(یانی ڕێساکانی کردار و کارلێک)، لەوانە ئەنجام و دەرکەوتەکانی ئەو جۆرە پێکهاتانە لە نۆرمەکاندا بەرجەستەبوون (ڕێساکانی ڕەفتاری)، بەهاکان، بەرهەمە کولتوورییەکان یان هێماکان.( Sheldon, E.B & Moore, W. p5 (E, 1968,

زیادبوونی مەعریفە، کۆمەڵگاکانی پاڵ پێوەنا بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی کاراتر و بەرفراوانتر ، هەرچەندە ئەو ڕێکخراوانە لە قۆناغەکانی سەرەتایدا لەژێر کۆنترۆڵدا بوون ، بەڵام لە قۆناغی پێشکەوتوودا چێژیان لە ئازادی وەرگرتبوو.(میرزا، 2011، ص12).

(مۆر) وایدەبینێت کە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەگشتی واتە " گۆڕانێکی بەرچاو لە داب و نەریتەکان یان مۆدێلی کردار و کارلێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەری ئەم پێکهاتانە ، کە ڕێساکانی ڕەفتاری ، بەهاکان ، بەرهەمی کولتوری ، هێماکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتین، بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بێت، دەبێت کارلێک بکات و لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ بێت ، بەو شێوەیە ڕەگ و ڕیشە لەکۆمەڵگادا بکێشێ. هەروەها(ڕۆجەر)، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە "پرۆسەی گۆرانکاری لە شێوازی

کۆمەڵایەتیدا دەکرێت پێناسە دەکات، کە بە هەڵسوکەوتی ڕاستەقینەی تاک لە شوێنێکی دیاریکراودا لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا نوێنەرایەتی دەکرێت و لەو کاتەوەی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ و شوێن لە نێوان تاکەکاندا، پرۆسەیەکی بەردەوامە، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی حاڵەتی کتوپڕ نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە سەرەتا و کۆتایی نییە و بەپێی کاتیش بەردەوامە.(البرزنجي، 2018، ص198)

گۆرانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ویژدانی و ئیرادەیە کە بکەریك لەپشتیوەیەتی جا ئەم بکەرانە دەشێت ناوخۆیبن یان دەرەکی بن، دەیانەویت گۆرانکاری لە کۆمەڵگادا ئەنجامبدەن لە ڕووی بابەتیکەوە وەك گۆرانگاری لە رەفتارەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان، شیوازی ژیان یان هەر بابەتێکیتر لە کۆمەڵگادا بە ئامانجێگ کە ئەم بکەرهانە دەیخوازن، بەمەش پرۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی دەکرێت ئاراستەیەکی ئەرێنی(ئیجابی) یاخود نەرێنی(سلبی)هەبیت، کە ئاماژە بە بارودۆخی نوێ دەکات لە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. (فرنكة، 2016، ص174).

لەم زانیارییانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی کارڕایی(اجرائی)، بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی بکەین، بریتییە لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە بەشێك لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا ڕوودەدات، لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە، بەرەو ئاراستەیەکی دیاری کراو، کە کاری گەری هەیە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەکرێت  دەرەنجامێکی ئەرێنی، یاخود نەرینی هەبێت لە کۆمەڵگادا.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

**دەستپێك:-**

لەخستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر دەتوانێت سوودمەندبێت لەو زانیاری و داتا و ڕێوشوین و میتۆدانەی بوارەکانی توێژینەوەکەی گرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەکان بێکەمو کورپنین، بەڵام وەك ڕێنیشاندەر و سەرەچاوەیەکی زانیاری بەسود بەکاردەهێنرێن، دەکرێت پشتیان پێببەستین لەتوێژینەوەکەدا. دەتوانین سوود لەوتوێژینەوانە ببینین کەنزیکە یاخود هەمان بواری و بابەتی توێژینەوەی ئێمە دەگرێتەوە، بەمەش لەم بەشەدا هەوڵدرا چەند توێژینەوەیەکی(کوردی، عەرەبی). وەربگرین و پوختەیەك دەربارەیان بنووسین، لە ئامانج و هۆکارو گرنگی و ئەو میتۆدانەی بەکاریان

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێناوە، گرنگترین ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەی پێیگەیشتوون لە توێژینەوەکەدا. تاوەکو بنەمایەك دابنێین بۆتویژینەوەکە، توانرا چەند توێژینەوەیەك دەست بکەوێت کەلە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیك بێت، یان لەناوەرۆکدا لەو باسانە دوابێت کە لەبابەتی توێژینەوەکەوە نزیکن، لێرەدا دیانخەینە ڕوو:

**یەکەم-توێژینەوە کوردیەکان :**

- توێژینەوەی یوسف حسن حسین: ئەم توێژینەوەیە بەناوی(کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور)، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهینانی پلەی ماستەر لەئەنترۆپۆلۆژیا. بۆساڵی خوێندنی(2014).کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی بەجیهاییوون لەسەر دوارۆژی کولتووری دانیشتوانی گەرەکی (تەیراوە و بەختیاری) لە شاری هەولێر کە چەند پرسیارێکیتر سەریان هەڵداوە وەك (ئایا بەجیهانیبوون چی گۆرانکارییەك لە توخمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەدا دروست دەکات؟ ئایا مەبەست لە بەجیهانی بوونی کولتووری زاڵکردنی کولتووری رۆژئاواییە؟).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەك دەستنیشانکردنی کاریگەری بەجیهانیبوون لە سەر توخمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای نوێژینەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەبوونی کۆمەڵگای توێژینەوە بۆ گۆرانی کولتووری. کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتووە لە دوو گەڕەك(تەیراوە و بەختیاری) لە شاری هەولێر. لەڕووی ژمارەی نموونەی تویژینەوە، پێکهاتووە لە (50) خیزان. (25) لە گەرەکی تەیراوە، (25) لە گەرەکی بەختیاری، نموونەی توێژینەوە بەشێوازی هەرەمەکی دەستنیشانکراو وەرگیراوە، میتۆدی بەکارهاتوو(میتۆدی چۆنایەتی لە بابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییە لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی (ئیستقرائی-Induction)، هەروەها سەرنجدانی راستەوخۆر و بەشداریکردن، بەکارهاتووە. تویژەر گەیشتووە بەودەرەنجامانە:

1- بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی فرەرەهەندە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر کولتووری کۆمەڵگای توێژینەوەکەوە هەیە.

2- بەجیهانیبوون هۆکاری گۆڕانکاری ییە لە شێوازی ژیان و بازاڕ و هەڵسووکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- بەجیهانیبوون هۆکاری پەرەپێدانی لایەنی هاوبەشە و ژینگەیەکی گونجا و بۆ کولتوورێکی هاوبەشی جیهانی ئامادە دەکات.

**دووەم- توێژینەوە عەرەبییەکان:**

- توێژینەوەی(دیانا ایمن راشد حاج احمد)، ئەم توێژینەوەیە بەناوی(أثر العولمة الثقافية على مواطني الضفة الغربية)، نامەیەکە پێشکەشی کۆلێژی خویندنی باڵا لە(زانکۆی النجاح الوطنية)، لە نابلس لە فەلەستین کراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهینانی بڕوانامەی ماستەر لە پلان و گەشەپێدانی سیاسی بۆ ساڵی خوێندنی(2012). کێشەی توێژینەوەکەی خۆی دەبینێتەوە لەتێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی جیهانگیری کولتووری لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیان لەسەر دانیشتوانی زیفەی خۆرئاوا-وەك نموونەیە لە کۆمەڵگای فەلەستینی-مەترسییەکانی ئەو کاریگەریانە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگای فەلەستینی.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەلامی ئەو پرسانەی دەست بکەوێت سەبارەت بە خستنەڕووی ئامراز و هۆکارەکان و ئامانجەکانی جیهانگیری کولتووری لە ناوچەی زیفەی خۆرئاوا لە فەڵەستین، هەروەها روونکردنەوەی کاریگەرییەکانی جیهانگیری کولتووری لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگای زیفەی خۆرئاوا لە فەڵەستین، سنوری ئەم توێژینەوەیە دانیشتوانی(ئەندامانی کۆمەڵگای) زیفەی خۆرئاوایە، بەبێ کەرتی غەزە (بەهۆی گەمارۆ) لەنێوان ساڵانی( 1994 بۆ 2011). میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا(میتۆدی وەسفی، میتۆدی شیکاری)یە، تویژەر گەیشتووە بەو دەرەنجامانە:

1- جیهانگیری کاریگەریی هەبووە بەسەر کۆمەڵگای فەڵەستینییەوە هەروەکو کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکانی تر بەڵام بەدووهێندە، ئەمەش بەهۆی (دەسەلات و ڕێکخراوەکانی ناحکومییەکان و دامەزراوە و تاکەکان).

2- ئامرازەکانی جیهانگیری کولتوری کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بەسەر رۆودانی گۆرانکاری زۆر لە داب و نەریت و پیوەر و بەها کانی کۆمەڵگای فەڵەستینی کە بۆتەهۆی جێکۆرکێی ئەو بەهایانە بە بەها و کولتووری رۆژئاواییەکان.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ئامراز و هۆکارەکانی جیهانگیری کولتووری وەك تەکنەلۆژیای(ئینترنێت، مۆبایل، کەناڵە جیهانییەکان)بۆتە بەشیکی دانەبڕا و لە ژیانی رۆژانە و ناتوانرێت لێیان دورکەونەوە ئەمەش بۆتە هۆی گۆرانکاری لە شیوازی ژیان و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە کۆمەڵطای فەڵەستینیدا.

**تاوتۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر هەستاوە بە خستنەرووی(2)، تویژینەوە. یەکێك لە توێژینەوەکان کوردییە، توێژینەوەکەیتر عەرەبییە. ئەم توێژینەوانە نامەی ماستەرن. هەردوو تویژینەوەکە باس لە گۆراوی جیهانگیری دەکەن. بواری کاتی توێژینەوەکان لە نیوان سالآنی(2012-2014) ئەنجامدراون، توێژەران لە دەرەنجامی توێژینەوەکانیان گەیشتوون بە دەرەنجانی جیاواز بەپێی سروشتی بابەتی تویژینەوەکان. ئامانج و ئامرازەکانی توێژینەوەکان، هەروەها ئاستی پەیوەستبوونی گۆڕاوەکان لەگەڵ یەك، توێژەر سوودی لە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکان وەرگرتووە لە شیکردنەوەی دەرەنجامی تویژینەوەکانی پێشوو.

**گرنگترین ئەو سوودانەی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە:**

1- سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە لەهەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوە و و شیوازی شیکاری بابەتەکان و لەم توێژینەوەیەدا.

2- سوود وەرگیراوە لە توێژینەوەکانی پیشوو لە خستنەڕووی چوارچێوەی تێۆری.

3-سوودوەرگیراوە لە سەرچاوەکانی بەکارهاتوو لەتویژینەوەکانی پیشوو بۆمەبەستی کەممکردنەوەی کات و ماندووبوون.

## بەشی سێیەم/ جیهانگیری و گۆرانی کولتوری و کۆمەڵایەتی

**دەستپێك:**

زۆربەی شارەزا و بیرمەندان تا ئەندازەیەك لەسەر ئەو رایە کۆکن، کە جیهانگیری زۆربەی هەرە زۆری کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی رامیاری، ئابوری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سەربازی...هتد. ئێمە لەبەر تایبەتمەندی تویژینەوەکەمان، لێرەدا، تەنها باس لە جیهانگیری لە رەهەندە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکەیدا دەکەین.

**1-1- ڕەهەندە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانگیری:**

دەکرێت بڵێین کە ڕەهەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی جیهانگیری یەکێکە لە گرنگترین ڕەهەندەکانی جیهانگیرین. جیهانگیری کولتووری ئامانجی یەکەمینی ئەوەیە کە یەک کولتوور بڵاوبکاتەوە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی نەتەوە، ئایین، داب و نەریت، ئەمەش ئاشکرایە لەم چەند دەیەیەی دواییدا بە هۆی پێشکەوتنی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانەوە کە فاکتەرێکی بەهێزن لەپشت جیهانگیری کولتوورییەوە، دەزگای میدیاییە جیهانییەکان و تۆڕەکانی ئینترنێت، پێوەر و بەهاو داب و نەریتە تایبەتیەکانی کۆمەڵگاکان، بەشیوەیەکی ئازادانە و بەبێ دەستێوەردانی وڵاتان، بەنێو گەلانی جیهاندا دەگوازنەوە. (هداج، 2014، ص50).

بەشێك لە بیرمەندان پێیانوایە کە جیهانگیریی کولتووری دیاردەیەکە کە ئاراستەی کۆمەڵگاکان دەکات بەرەوە لێکچوون و هاوشیوەبوونی کولتووری؛ هەروەها کەسایەتییەکی جیهانی پێکدەهێنیت کە سروشتێکی کراوەی هەبێت، بەرامبەر کۆمەڵگە و کولتوورە جیاوازەکانی دەوروبەری. (قاسم، 2014، ص124)

بەگشتی بە جیهانیبوونی کولتوور بە شداریکردنی مرۆڤەکانە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیي هاوبەشدا. پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا و نەمانی ریگرەکانی کات و شوێن، هۆکارن تاکو رووداوی شوێنە دوورەکان کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانی خەڵکانیتر بکات و ببێتە هۆکارێك بۆ پرۆسەی گۆرانی کۆمەڵایەتی لە رووی گۆرانکاری لە نەریت و بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵگاکانەوە، ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی نوێ ئامادە دەکرێت و لەو ژینگە تازەیەدا سنوورەکان بێواتا و پەیوەندییەکان بە جیهانی دەبن و شێوازێکی نوێی ژیان بە ناسنامەی کولتووریی جیهانی، بەسەر ناسنامە کولتوورییەکانی ناوچەیی و ئایینی و نەتەوایەتیدا زاڵدەبێت.(حسین، 2014، ص40).

بۆ نموونە تەکنەلۆژیای میدیایی وەك یەکێك لە ئامرازەکانی جیهانگیری، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە کاریگەریکردنە سەر ئەرك و رۆڵی ئەندامانی خێزان، دەبینیین، لەژێر کاریگەری ریکلامدا، کاریگەری دایباب(دایك و باوك)، کەمتربۆتەوە لە ئاراستەکردنی رەفتاری منداڵەکانیان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی گۆڕینی داب و نەریتەکان. بەجۆریك ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری دەکات لە گۆڕانکاری لە رەفتارەکانی پەیوەندیدار بە جل و بەرگ، گۆڕینی زەوق و

سەلقە و شێوازی جلوبەرگ و خواردن، هەروەها کاریگەری کردنە سەر نەریتە بنەڕەتییەکان کە پەیوەندی هەیە بە پێکهاتەی دەسەڵات لەناو خێزاندا وەك دەسەڵات و پیگەی دایك و باوك لە خێزاندا، هەروەها بۆتە هۆکی گۆڕانکاری لە شیواز و ئارەزوو بەکاربەریان بەجۆرێك هەندێکجار لەگەڵ ئاراستە کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا یەکناگرێتەوە.( فتیحة، 2019، ص27)

ئەم تەکنەلۆژیای میدیاییە، وێنەی جیهانێکیان دروستکردووە، کە بینەران لەسەر ئاستی جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش گۆڕانکاری لە حەز و خولیا و دواجار بەها و پیوەرەکاندا هێناوە، بەتایبەتی چینی هەرزەکا و گەنجان، لە ئێستادا دەبینیین، هەرزەکاران چۆن لە کۆمەڵگاکانی وەك هیندستان و تورکیا و ئەرجەنتین، باوەش بەستایلێکی ڕۆژئاوایی لە پێڵاوی نایك و کۆکا کۆلا و مۆسیقای ڕۆکدا دەکەن؟!بۆیە میدیای جەماوەری لە جیهانگیری کولتوریدا رۆلێکی گرنگ دەگێڕێت. (Kraidy, 2002, p57)

بەشیك لە توێژەران پێیانوایە کە پرۆسەی بە جیهانیبون، هەوڵدەدات کولتوور و بەها و شیوازی ژیان و هزری رۆژئاوایی بەسەر دابونەریت و کولتووری کۆمەڵگاکانیتردا زاڵ بکات. بەڵام بە شێکیتر بەجیهانیبوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی فرە کولتووری دەزانن، چونکە بە هاوردەکردنی توخمی نوێ ئاستی خوشگوزەرانی و هۆشیاری ئە ندامانی کۆمەڵگا بەرزتر دەبێتەوە**.**(حسين، 2014، ص50).

ئەوە ئامرازەکانی جیهانگیرییە ئاراستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات و نموونەی باڵای کۆمەڵایەتی دروست دەکات، لە ڕێگەی پێکهێنان و گۆڕانی مەعریفییەوە لە ڕێگەی زانیارییەوە کە بنەمای مەعریفەیە . ئەو گۆڕانکاریە کولتووریەی کەهۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندنەکان دەیهێنن گشتگیرتر و فراوانترە لە گۆڕانێک لە هەڵوێست یان ئاراستەی تاکەکان. هەروەها رۆڵی سیستەمی بەهاکان لە کۆمەڵگادا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.(الزهراء، و رشيدة، 2017، ص6).

لەسەردەمی ئیستادا، پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، تەنها خێزان لێی بەرپرس نییە وەك یەکەمین کەناڵ و دامەزراوەی کۆمەلایەتی کە تاکەکان وابەستەبن پییانەوە؛ بەلکۆ دامەزراوەی تر هاوبەشی دەکەن لەگەڵ خێزان لەم پرۆسەیەدا کە بەرهەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژین کە بونەتە هاوبەشیکی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا وەك دامەزراوەکانی راگەیاندن، ئینترنێت، مۆبایل...هتد، بەمەش گۆرانکاری لە بەها و پیوەرە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانی کۆمەلگا روویداوە، لە دەرەنجامدا

گۆڕانکاری لە بونیادی گۆمەڵایەتی روویداوە کە بەهۆیەوە گۆڕان لە سەرچاوەکان و دامەزراوەکانی تایبەت بە چاندنی بەها و پیوەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا رویداوە کە خێزان بەرچاوترین و گرنگترینیانبوو. هەربۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە رەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان هرە لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ئینتمای کۆمەلایەتی و حەزوو خولیاکاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئاراستەکانیشی لەژێر کاریگەری ئامرازەکانی جیهانگیریدا ئاراستە دەکرێن.(شینار، و اية، 2020، ص735).

لایەنگرانی جیهانگیری(گلۆباڵیستەکان)، پێیانوایە، جیهانگیری دیاردەیەکی ڕاستەقینە و ئاشکرایە، مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گۆڕانێکی بەرچاو بەدی کراوە، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و جیهانی کار دەکەن؛ کاریگەریەکانی جیهانگیری لە هەموو شوێنێک لە جیهاندا هەستیان پێدەکرێت و زیادبوونی پەیوەندی نێوانگیرییە جیهانییەکان وا دەکات سنوورە نەتەوەییەکان کەمتر بایەخیان پێبدریت. کولتوورە نەتەوەییەکان، دەکەونە ناو تۆڕەکانی پەیوەندییە جیهانیەکانەوە و سەروەرییان کەمتر دەکاتەوە؛ دەرەنجام، کولتوور و ئابوورییەکی جیهانی بەرهەم دەهێنێت. (Mackay, H. 2004. P22)

بەشیك لە توێژەرەان ئەمە بە مەترسی دەبینن و پێیانوایە رەهەندی کولتووری جیهانگیری شێوەیێکیتری کۆلۆنیالیزمە؛ لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕادا ، سنووری نەتەوەیی بەربەستە مادديەکان دەبڕیت، گەیشتنێکی ئاسان و ڕاستەوخۆ بە عەقڵی مرۆڤدا، بە درێژایی ئاسۆ کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر دەکەن. ئەوەی دەیکاتە خۆشەویستی مرۆڤی سەردەم بۆ ئاراستەکردنی لیبراڵیی خۆی بۆ ژیان. (جاه، 2004، ص222).

**1-2- کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

1- کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها ئاینییەکانی تایبەت بە کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان دروستکردووە، گۆڕانکاری لە بەها ئاینییەکاندا هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری لە پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. (الرفوع، 2011، ص173).

2- دەبیتە هۆکاری زاڵبوونی کولتوور و نەریتی ئەو کۆمەڵگایانەی لەرووی ئابووری و تەکنەلۆژیاوە پیشکەوتوون، بەسەر کۆمەڵگاکانیتر. (محفوظ، 2017، ص8)

3- بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ئینترنیت و مۆبایل، هۆکاریکە بۆ لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگا، هەروەها بڵاوبوونەوەی دیاردەی لەخۆنامۆبوون(Alination) لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگادا. (الحديثي، و عبدالعزيز. 2011، ص511)

4- بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، رۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن بۆ گۆاستنەوەی کولتور و ژیاری رۆژئاوایی بۆ نێوگەلانی تری دنیا، هەروەها کاریگەری خراپیان خستوەتە سەر زمانی رەسەن.

5- زیادبوونی جۆری شمەك و کاڵاکان بۆتە هۆی فراوانبوونی رێژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی(جیاوازی چینایەتی)، لە نیوان هەژار و دەولەمەند.( مال، 2009، ص206)

6- فراوانبوون و جۆراوجۆربوونی مارکیت و چیشتخانە و ناوەندەکانی بازارکردن هۆکارە بۆ گەشەپیدانی کولتوری بەکاربەر لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگا.(حاج حمد، 2012، ص142)

**1-3-کاریگەرییە ئەرێنییەکانی جیهانگیری لەسەر گۆرانی کۆمەڵایەتی:**

1- ئاگاداربوون لە کولتووری ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگا جیاوازەکانی جیهان، سوود وەرگرتن شارەزایی و پێشکەوتنە کولتووری و کۆمەلایەتییەکانیان.(المطيري، 2013، ص13)

2- هۆکارێکی گرنگە بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری بەکەمترین کات سودمەندبوون لە کەرەستە و ئامرازە نوێیەکان هۆکارێکبوون بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا.(فتيحة، 2018، ص28)

3- ریکخراوە جیهانییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك ئامرازیکی جیهانگیری، کاریگەرییان هەبووە لەسەر بڵاو کردنەوەی بەهای ئازادی و دیموکراسی و کرانەوەی زیاتر لە نێو خێزان و کۆمەڵگا.

4- بڵاوکردنەوەی چەند پرسیك لەسەر ئاستی جیهانی وەك بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پاراستنی ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە و شەفافیەت کە ببونە جیگای بایەخپیدانی زیاتری کۆمەڵگا.(شاكر، 2011، ل55)

5- دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جیهانی و دەستگەیشتن بە هەموو بەرهەم و کەرەستە رۆشنبیرییە هاوچەرخەکان لە هەر ناوچەچەکی جیهاندا.

6- چارەسەکردنی کێشە مرۆییە هاوبەشەکان، ئەوانەی کە ناتوانرێت لە روانگەی سەروەری نیشتیمانی چارەسەربکرێن، وەك مەترسییەکان بۆ سەر ژینگە و پەتا جیهانییەکان و باڵوبوونەوەی تاوان و مادە هۆشبەرەکان..هتد .(بارام ، 2017، ل90).

## بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە

### 1-کۆمەڵگای توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نموونە

#### 1-1کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە، کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، زۆربەیجار(دیاردەیەك، ڕووداوێك، گروپێك، چینێك، شوێنیك، یاخود دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی)، دەگرێتەوە، کە خسڵەتی هاوبەشیان هەیە، توێژەر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەیانەوە. (عمر. 1983، ص118)

بۆ ئەم توێژینەوەیەمان، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆ لە سێ زانکۆی(لوبنانی فەرەنسی، سەلاحەددین، پۆلیتەکنیکی). لە شاری هەولێر.

#### 1-1-هەڵبژاردنی نموونە:

نموونەی تویژینەوە، واتا چرکردنەوە و کۆکردنەوەی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە لە چەند کەسێکدا، بەواتایەکی تر نموونەی تویژینەوە بەشێکی دیاریکراوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە لەکۆمەڵە کەسێك پێکدێت کە هەمان ئەو خسڵەتانەیان هەیە کە لەکۆمەڵگای تویژینەوەدا هەیە و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، بەلەبەرچاو گرتنی کات و دارامەت و تواناکانی تویژەرپشتی پێدەبەستن. (عمر. 1983، ص118).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سروشتی تویژینەوەکەی ئێمە واپێویستدەکات نموونەی (هەڕەمەکی چینایەتی)، بەکاربهێنین، ئەمەش رێگا بەتویژەردەدات ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا پێیان گەیشتووە بە متمانەوە بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا بگشتێنیت . لەسەر ئەو بنەمایەی، دەرفەتی یەکسان هەبووە بۆ هەریەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوە وەك نموونە هەڵبژێردرێن. ئەم شێوازەش بۆ بابەتی توێژینەوەکە زۆر گونجاوە.

### 1-3-دیاریکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە

قەبارەی نموونە یەکێکە لە پێداویستییە بنەرەتەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بۆیە لەسەر توێژەر پێویستە، هەستێت بە وەرگرتنی نموونەیەك کە قەبارەکەی نوێنەرایەتی نموونەی توێژینەوەکە بکات. (الزیباری. 2011، ص118)، لەم توێژینەوەیەدا(100) کەس، کە قوتابی و فەرمانبەرن بەنموونە وەرگیراون.

## 2-میتۆدی توێژینەوە و بوارەکانی

### 2-1- میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی توێژینەوە، ئەو رێوشوێن و رێگایانەدەگریتەوە کە بۆ مەبەستی بەدەستهینانی زانیاری و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریەبەدەستهاتووانە و پۆلینکردن و پاشان شیکردنەوەی زاییاریەکان لە تویژینەوە زانستیەکاندا بەکاردەهێنرێن. (شوانی. 2015،ل35). سروشتی تویژینەوەکان جۆری ئەو میتۆدە دیاریدەکەن کە پێویستە، بەکاربهێنرێن لە توێژینەوەکەدا، لەم توێژینەوەیەدا(میتۆدی رِوپێوی کۆمەڵایەتی، رووپێوی شیکاری) بەکارهێنراوە.

### 2-2-بوارەکانی توێژینەوە:

أ- **بواری شوینی نویژینەوەکە:** بواری شوێنی تویژینەوەکەمان زانکۆکانی(لوبنانی فەرەنسی، سەلاحەدین، پۆلیتەکنیی)ە، لە شاری هەولێر دەگرێتەوە.

ب- **بواری کات:** کاری مەیدانی تویژینەوەکەمان، لە بەرواری، (15 /12/ 2021 )، دەستکراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری تیۆری و لە(2021/2/7)، کۆتایی هاتووە، لە بواری مەیدانی(پراکتیکی)، لە(2021/2/10)، تاوەکو (2021/4/14)، ئەنجام دراوە.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ت- **بواری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە هەردوو رەگەزی نێر و می دەگرێتەوە، کە بریتیین لە (100)کەس، (34) نێر، (66)مێ، قوتابی و فەرمانبەرن لە هەرسێ زانکۆکە.

### 3-2- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئامارییەکان.

**أ- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا(فۆرمی ڕاپرسی)بەکارهاتووە، وەك ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو بۆ توێژینەوەکە. فۆرمی ڕاپرسی(Q uestionnaire): وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیارییە جۆراوجۆرە سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە لە چەند کەسێك، یاخود دیاردەیەك ، یان ڕووداویکی بەرچاو . بەمەبەستی دارشتن و ئامادەکردنی پرسیارنامەیەکی زانستی، پێویستە چەند بنەماو ڕێوشوینێکی دیاریکراو ڕەچاوبکرێت، وەك ئامانجی تویژینەوە،ڕوونی پرسیار،گونجاوی پرسیارەکان لە ڕووی تیگەیشتن و نەبوونی دژیەکی و ئاسانی وەڵامدانەوە و گونجانیان لەگەڵ وەڵامدەرەوەکان.

**ب- کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان، شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەمان لە نموونەی توێژینەوەکە دەستمان کەوتووە بە ڕێگای ئاماری، بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بەستووە بە بەکارهێنانی بەرنامەی(هەگبەی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان- Statistical Package for the Social Sciences)، کە بە کورتکراوەی(S.P.S.S) ئاماژەی پێدەکرێت. توێژەر ئەم ئامرازە ئاماریانەی بەکارهێناوە: ( ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری, تاقیکردنەوەی تی-T-test ).

## بەشی پێنجەم: خستنە ڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەکان

1-پرسیارە گشتییەکان:

خشتەی ژمارە(1): پێکهاتەی ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| ڕەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 34 | 34.0 |
| مێ | 66 | 66.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی(34 %) ئەندامانی نموونەکە لەڕەگەزی نێرن، بەهەمان شێوە لە(66 %)لە ڕەگەزی مێن. دەبینین جیاوازی هەیە لەڕێژەی نێر و مێ لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکەمان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە بەهای ئازادی کارکردن و خویندنی ئافرەتان و چوونە دەرەوەیان لەماڵ. بەشێکی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەۆلۆژیا و گەیاندن و تێکەڵاوبوونی کولتووری لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکان و کرانەوەی کولتووری لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕویداوە.

خشتەی ژمارە(2): ئاستی تەمەنی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 27-18 | 73 | 73.0 |
| 37-28 | 19 | 19.0 |
| 38-47 | 8 | 8.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

بەپێی زانیاریە بەدەستهاتووەکانی خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، زۆرترین ژمارەی تەمەن لە ئاستەکانی نموونەی تویژینەوەکە لەنێوان تەمەنی(27-18)ساڵیدایە، بەڕێژەی(73.0 %)، ئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان(37-28)ساڵیدایە، بەڕێژەی(19.0 %)، ئەوکەسانەی تەمەنیان لەنێوان(38-47)ساڵیدایە، بەڕێژەی(8 %)، کە کەمتریین ڕێژەیە لە ئاستەکانی تەمەنی نموونەی تویژینەوەکە.

خشتەی ژمارە(3): ئاستی خویندنی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| ئاستی خویندن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| دبلۆم | 4 | 4.0 |
| بکالۆریۆس | 64 | 64.0 |
| خوێندنی باڵا | 32 | 32.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

خشتەی ژمارە(3) بۆمان ڕووندەکاتەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی بکالۆریۆس، زۆرترین ڕێژەی ئەندامانی نموونەی تویژینەوەکە پێکدەهێنن کە دەکاتە ڕێژەی(64.0 %)، هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەی(32.0 %)نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدەهینن، هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم ڕێژەی( % 4.0)،ئەمەش نزمتریین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە(4): باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سەڵت | 76 | 76.0 |
| خێزاندار | 24 | 24.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

وەك لەخشتەکەدا دەردەکەویت، ئەوانەی ژیانی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوە(سەڵت)ن، ڕێژەی( % 76.0)کە بەرزتریین ڕێژەی نموونەی تویژینەوەکە پێکدهێنن، ئەوانەی ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە بە پلەی دووەمدێت بەرێژەی(24.0 %).

خشتەی ژمارە(5): پیشە و پۆستی نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| پیشە و پۆست | ژمارە | % |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | 18 | 18.0 |
| قوتابی | 82 | 82.0 |
| کۆ | 100 | 100.0 |

بەپێی زانیارییە دەستکەوتووەکان، قوتابیان بەرزتریین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن بەرێژەی(82.0%)، فەرمانبەران ڕێژەی(18.0 %)نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە(6): باری ئابووری نموونەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو

| ئاستی ئابووری | ژمارە | % |
|---|---|---|
| ناوەند | 60 | 60.0 |
| باش | 34 | 34.0 |
| زۆر باش | 6 | 6.0 |

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆ | 100 | 100.0 |

زانیاریە بەدەستهاتووەکانی خشتەی ژمارە (6) دەریدەخەن، بەرزترین ڕێژەی باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەئاستی ناوەندن بەڕێژەی(60.0 %)، ئەو کەسانەی ئاستی ئابووریان باشە بەڕێژەی(34.0 %)، هەروەها ئەو کەسانەی ئاستی ئابووریان زۆرباشە بەڕێژەی(6.0 %).

## 2-پرسیارە تایبەتییەکان : -

خشتەی ژمارە(7): ڕێژەی وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ پرسیارە تایبەتەکان دەخاتە ڕوو

| ژ | پرسیار | زۆر لەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم | بریارمنەداوە | لەگەڵیدام | زۆر لەگەڵیدام | کۆ % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | بەهۆی تیکەلاوبوونی کولتووری و کۆمەڵایەتیی گۆڕانکاری لە ڕێورەسمی هاوسەرگیریدا ڕوویداوە. | %9.0 | %10.0 | %24.0 | %40.0 | %17.0 | 100 |
| 8 | بەلامەوە ئاساییە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا بکەم، لە نەتەوەیەکیتر بێت، بەڵام لەسەر ئاینی خۆم بێت | %4.0 | %24.0 | %16.0 | %39.0 | %17.0 | 100 |
| 9 | لە پەیوەندیم لەگەل دەوروبەرم بەلامەوە گرنگ نییە لەچ عەشیرەت و خێڵێکن | %3.0 | %13.0 | %5.0 | %33.0 | %46.0 | 100 |
| 10 | جیهانگیری و تێکەلاوبوونی کولتوری بۆتە هۆی لاوازکردنی دەمارگیری نەتەوەیی. | %5.0 | %12.0 | %19.0 | %40.0 | %24.0 | 100 |
| 11 | لەئێستادا ئافرەتی کوردی پێی باشترە مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ | %26.0 | %48.0 | %9.0 | %11.0 | %6.0 | 100 |

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئافرەتی تردا هەبێت، لەبەرامبەر ئەوەی ژنێکیتر بخوازێت. | | | | | | |
| 12 | توندوتیژی و سێکس لە ئامرازەکانی میدیا و ئینتەرنێت، کاریگەری نەرێنیی هەبووە لەسەر پەیوەندی نیوان ئەندامانی خیزان لە کۆمەڵگای کورردیدا | %6.0 | %5.0 | %9.0 | %00.0 | %80.0 | 100 |
| 13 | تیڤی و مۆبایل، رۆڵی زۆریان هەبووە لە جێگرتنەوەی(دایك و باوك) لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. | %9.0 | %18.0 | %4.0 | %32.0 | %37.0 | 100 |
| 14 | جیهانگیری و کرانەوە، بۆتە هۆکاری قبوڵکردنی جیاوازییە کولتووری و کۆمەلایەتییەکان لە کۆمەڵگای کورردیدا. | %4.0 | %2.0 | %21.0 | %58.0 | %15.0 | 100 |
| 15 | ڕاگەیاندنە جیهانییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر لاوازبوونی ئینتیمای نەتەوەیی. | %4.0 | %6.0 | %21.0 | %40.0 | %29.0 | 100 |
| 16 | بەهۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بابەتەکانی وەك ئازادی مرۆڤ و تاکگەرایی لە خێزانی کورردیدا زیاتر بووە. | %7.0 | %9.0 | %7.0 | %77.0 | %0.0 | 100 |
| 17 | جۆراوجۆربوونی کاڵاکان، ڕێژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نیوان هەژار و دەولەمەند لە کۆمەڵگای کورردیدا زیاتر کردووە | %4.0 | %6.0 | %2.0 | %41.0 | %47.0 | 100 |
| 18 | حەزم لە خواردنی (کنتاکی و فینگەر و پیتزایە...هتد) زیاتر لە خواردنی (کنگر و کاردی و ساوەر و ...هتد). | %17.0 | %27.0 | %2.0 | %18.0 | %36.0 | .100 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 19 | حەزم لە لەبەرکردنی کابۆ و چاکەت سپۆرتە زیاتر لە جلی کوردی. | %15.0 | %39.0 | %3.0 | %30.0 | %13.0 | 100 |
| 20 | زیاتر گوی لە گۆرانی و میوزیکی بیانی دەگرم، وەك لە گۆرانی و میوزیکی کوردی. | %14.0 | %50.0 | %3.0 | %23.0 | %10.0 | 100 |
| 21 | بەرنامەکانی(پۆپجی و هاوشێوەکانی) بۆنەتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەلگای کورددیدا. | %2.0 | %7.0 | %3.0 | %23.0 | %65.0 | 100 |
| 22 | لەوخوێندندا سوود لە تەکنەلۆژیای (ئینترنیت، کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، سایتەکان...هتد) وەردەگرم | %4.0 | %2.0 | %5.0 | %53.0 | %36.0 | 100 |
| 23 | سودمەندبوون لە ئامرازە نوێیەکان هۆکارێکبوون بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. | %0.0 | %1.0 | %0.0 | %99.0 | %0.0 | 100 |
| 24 | بەکارهێنانی زمانە رۆژئاواییەکان، رۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن بۆ گۆاستنەوەی کولتوری رۆژئاوایی بۆ نێو کۆمەلگای کوردی. | %2.0 | %2.0 | %22.0 | %46.0 | %28.0 | 100 |
| 25 | بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، کاریگەری خراپی خستوەتە سەر زمانی رەسەنی کوردی. | %3.0 | %18.0 | %6.0 | %31.0 | %42.0 | 100 |

خشتەی ژمارە(8): دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان ڕەگەزەی نموونەی توێژینەوەکە(نێر، مێ) بۆ چەند پرسیارێکی تایبەتی توێژینەوەکە دەخاتە روو

| پرسیارە تایبەتەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی T | Sng.(2 tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 34 | 4.26 | 1.053 | 1.288 | |

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ9: لە پەیوەندیم لەگەل دەوروبەرم بەلامەوە گرنگ نییە لەچ عەشیرەت و خێڵێکن | مێ | 66 | 3.94 | 1.182 | | 0.201 NS |
| پ10: جیهانگیری و تێکەلاوبوونی کولتوری بۆتە هۆی لاوازکردنی دەمارگیری نەتەوەیی. | نێر | 34 | 3.74 | 1.286 | 0.480 | 0.632 NS |
| | می | 66 | 3.62 | 1.037 | | |
| پ12: توندوتیژی و سێکس لە ئامرازەکانی میدیا و ئینتەرنێت، کاریگەری نەرێنیی هەبووە لەسەر پەیوەندی نیوان ئەندامانی خیزان لە کۆمەڵگای کوردیدا | نێر | 34 | 4.59 | 1.048 | 0.939 | 0.350 NS |
| | می | 66 | 4.35 | 1.283 | | |
| پ13:تیڤی و مۆبایل، رۆڵی زۆریان هەبووە لە جێگرتنەوەی(دایك و باوك) لە پەروەردەکردنی منداڵاندا. | نیر | 34 | 3.35 | 1.574 | -1.844 | 0.68 NS |
| | مێ | 66 | 3.88 | 1.222 | | |
| پ14:جیهانگیری و کرانەوە، بۆتە هۆکاری قبولکردنی جیاوازییە کولتووری و کۆمەلایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا. | نێر | 34 | 3.59 | 0.957 | -1.592 | 0.115 NS |
| | می | 66 | 3.88 | 0.814 | | |
| پ16:بەهۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بابەتەکانی وەك ئازادی مرۆڤ و تاکگەرایی لە خێزانی کوردیدا زیاتر بووە. | نێر | 34 | 3.56 | 0.927 | 0.145 | 0.885 NS |
| | می | 66 | 3.53 | 0.932 | | |
| پ17:جۆراوجۆربوونی کاڵاکان، رێژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نیوان هەژار و دەولەمەند لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر کردووە | نێر | 34 | 4.38 | 0.779 | 1.206 | 0.231 NS |
| | می | 66 | 4.12 | 1.130 | | |
| پ19:حەزم لە لەبەرکردنی کابۆ و چاکەت سپۆرتە زیاتر لە جلی کوردی. | نێر | 34 | 3.00 | 1.371 | 0.691 | 0.491 NS |
| | مێ | 66 | 2.80 | 1.338 | | |

خشەی ژمارە(7)دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان(نێر، مێ)بۆ بۆ بەشێك لە پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوەکە دەخاتە روو، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لەنێوان گۆڕاوەکانی (نێر،مێ)بۆ ئەم پرسیارە تایبەتانە، هەر بۆیە گریمانەی سفری(H.0)، وەردەگرین کە دەڵێت جیاوازی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

# گۆڤاریقەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


خشتەی ژمارە(9): دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە(سەڵت، خێزاندار) بۆ چەند پرسیارێکی تایبەتی توێژینەوەکە دەخاتە روو.

| پرسیارە تایبەتەکان | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | Tنرخی | Sng.(2tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ11:لەئێستادا ئافرەتی کوردی پێی باشترە مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی تردا هەبێت، لەبەرامبەر ئەوەی ژنێکیتر بخوازێت. | سەڵت | 76 | 2.13 | 1.063 | 1.553- | 0.124 NS |
| | خێزاندار | 24 | 2.54 | 1.318 | | |
| پ15:ڕاگەیاندنە جیهانییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر لاوازبوونی ئینتیمای نەتەوەیی. | سەڵت | 76 | 3.80 | 1.059 | -0.636 | 0.526 NS |
| | خێزاندار | 24 | 3.96 | 0.999 | | |
| پ21:بەرنامەکانی(پۆپجی و هاوشێوەکانی) بۆنەتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا. | سەڵت | 76 | 4.45 | 0.929 | 0.492 | 0.624 NS |
| | خێزاندار | 24 | 4.33 | 1.167 | | |
| پ22:لەوخوێندندا سوود لە تەکنەلۆژیای (ئینترنیت، کتێبخانەی ئەلیکترۆنی، سایتەکان...هتد) وەردەگرم | سەڵت | 76 | 4.20 | 0.849 | 0.921 | 0.359 NS |
| | خێزاندار | 24 | 4.00 | 1.103 | | |
| پ23:سودمەندبوون لە ئامرازە نوێیەکان هۆکارێکبوون بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. | سەڵت | 76 | 3.97 | 0.229 | -0.560 | NS 0.577 |
| | خێزاندار | 24 | 4.00 | 0.000 | | |

خشتەی ژمارە(9) دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان (سەڵت، خێزاندار)، بۆ بۆ بەشێك لە پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوەکە دەخاتە روو، لە ئەنجامدا، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لە ڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان گۆڕاوەکانی (سەڵت، خێزاندار)، بۆ ئەم پرسیارە تایبەتانە، هەر بۆیە گریمانەی سفری(H.0)، وەردەگرین کە دەڵێت جیاوازی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(10): دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان پیشە و پۆستی نموونەی توێژینەوەکە(فەرمانبەر، قوتابی) بۆ چەند پرسیارێکی تایبەتی توێژینەوەکە دەخاتە روو.

| پرسیارە تایبەتەکان | پیشە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | Tانرخی | Sng.(2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ17:جۆراوجۆربوونی کاڵاکان، رێژەی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نیوان هەژار و دەولەمەند لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر کردووە | فەرمانبەر | 21 | 4.43 | 0.598 | 0.955 | 0.342 NS |
| | قوتابی | 87 | 4.20 | 1.077 | | |
| پ19: حەزم لە لەبەرکردنی کابۆ و چاکەت سپۆرتە زیاتر لە جلی کوردی. | فەرمانبەر | 21 | 3.29 | 1.231 | 0.245 | 0.165 NS |
| | قوتابی | 87 | 2.83 | 1.374 | | |
| پ21: بەرنامەکانی(پۆپجی و هاوشێوەکانی) بۆنەتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەلگای کوردیدا. | فەرمانبەر | 21 | 4.59 | 0.814 | 0.420 | 0.675 NS |
| | قوتابی | 87 | 4.35 | 0.996 | | |
| پ23: سودمەندبوون لە ئامرازە نوێیەکان هۆکارێکبوون بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. | فەرمانبەر | 21 | 4.00 | 0.000 | 0.490 | 0.625 NS |
| | قوتابی | 87 | 3.98 | 0.214 | | |
| پ25: بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، کاریگەری خراپی خستوەتە سەر زمانی رەسەنی کوردی. | فەرمانبەر | 21 | 3.86 | 1.195 | -0.094 | 0.926 NS |
| | قوتابی | 87 | 3.89 | 1.233 | | |

لە خشەی ژمارە(10)دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان (فەرمانبەر، قوتابی)، بۆ بۆ بەشێك لە پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوەکە دەخاتە روو، لە ئەنجامدا، بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لەنێوان نموونەی توێژینەوەکەمان لە ڕووی پیشە و پۆستەوە، لە نێوان گۆڕاوەکانی (فەرمانبەر، قوتابی)، بۆ ئەم پرسیارە تایبەتانە، هەر بۆیە گریمانەی سفری(H.0)، وەردەگرین کە دەڵێت جیاوازی نییە لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی شەشەم: ئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە.

### 1-ئەنجامی توێژینەوە:

1- لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی ئامرازەکانی جیهانگیرییەوە کە خۆیدەبینیتەوە لە ئامرازەکانی راگەیاندن و تەکنەلۆژیا و گەیاندنە پێشکەوتووەکانەوە کاریگەری خۆی هەبووە بەسەر گۆرانی کولتوری و کۆمەڵایەتی لەوانە گۆران لە پرۆسەی هاوسەرگیری، شیوازی هەڵبژاردنی هاوسەر،بەستنی پەیوەندی لەگەل کەسانیتر، هەروەك لە خشتەی ژمارە(7) پرسیاری(7،8) توێژینەوەکەماندا دەردەکەویت.

2- جیهانگیری لە رەهەندی کولتوری و کۆمەڵایەتییەکەیدا بۆتە هۆکاری لاوازکردنی دەمارگیری نەتەوەیی و خیلەکی هەروەك لە خشتەی ژمارە(7) پرسیاری(9،10) توێژینەوەکەماندا دەردەکەویت.

3- ئامرازەکانی میدیا و ئینتەرنێت و مۆبایل وەك یەکیك لە ئامرازەکانی جیهانگیری، کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر پەیوەندی نیوان ئەندامانی خیزان و گۆرانکاری لە کەنالەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی هەروەك لە خشتەی ژمارە(7)پرسیاری(12،13)دا دەردەکەویت.

4- پرۆسەی جیهانگیری و کرانەوەی زیاتری کۆمەلگاکان بەرووی یەکتردا بۆتە هۆی قبوڵکردنی جیاوازییە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی زیاتری بەهاکانی وەك ئازادی و سەربەخۆیی زیاتر لە کۆمەلگای کوردیدا هەروەك لە خشتەی ژمارە(7)پرسیاری(14، 16)دا دەردەکەوێت.

5- لەڕووی کولتوری ماددی وەك و جل و بەرك و خواردن و میۆزیك جیهانگیری گۆرانکارییەکی ئەوتۆی دروستنەکردووە لە کۆمەڵگای کوردیدا تەنها لە بابەتی خهواردەمەنیدا نەبیت وەك لە خشتەی ژمارە(7) پرسیاری(18،19،20)دا دەردەکەوێت.

6- لە پرۆەسی پەروەردە و فێرکردندن و بلاو کردنەوەی هۆشیاری کۆمەلایەتیدا، تەکنەلۆژیا (وەك ئامرازیکی جیهانگیری)رۆلێ گرنگی هەبووە و گۆرانکاری کۆمەلایەتی گەورەی دروستکردووە وەك لە خشتەیژمارە(7)پرسیاری(23،22)دا دەردەکەوێت.

7- بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، رۆڵیکی سەرەکی دەگێڕن بۆ گۆاستنەوەی کولتور و ژیاری رۆژئاوایی بۆ نێوگەلانی تری دنیا، هەروەها کاریگەری خراپی خستوەتە سەر زمانی رەسەن، هەروەك لە خشتەی ژمارە(7) پرسیاری(24،25)خراوەتە روو.

8- جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان (رەگەز، باری کۆمەڵایەتی، پیشە و پۆست) سەبارەت بە کاریگەری جیهانگیری لەسەر گۆرانی کۆمەڵایەتی هەروەك لە خشتەی(8، 9، 10) دەردەکەوێت.

## 2- پێشنیارەکانی توێژینەوە:

**1-** دامەزراوە فەرمییەکان گرنگردیان بە لایەنی چاودیری و سەرپەرشتیکردنی دەزگاکانی راگەیاندن بدەن سەبارەت بەو بەرنامە و پرۆگرامانەی پەخشی دەکەن بە جۆرێك خزمەت بە کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی بکەن نەوەك بەپێچەوانەوە بابەتی پێچەوانەی و نەگونجاو بلاو بکەنەوە.

**2-** گرنگیدانی زیاتر، بەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەی کە رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە چاندن و گەشەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان، وەك خێزان، مزگەوت، قوتابخانە، دامەزراوە پەروەردەییەکانی تر، بەمەبەستی هاندانی زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییە ئەرێنیەکان.

**3-** پێویستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردی سەبارەت بە پاریزگاریکردن لە ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوەیی لە هەمان کاتدا رێزگرتن لە کولتوور و نەریتی کۆمەڵگاکانیتر کاتیك مامەلە لەگەل ئامرازە تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکانی وەك مۆبایل و ئینترنیتدا دەکەن.

**4-** گرنگیدان بە سوود وەرگرتن لە لایەنە ئەرینییەکانی جیهانگیری و دوور کەوتنەوە لە لایەنە نەرێنییەکانی بەتایبەت لە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ کۆمەڵگای کوردی، ئەمەش لە رێگای ئەنجامدانی سیمینار و پانێڵ و گفتووگۆی زانستی لە زانگۆ و ناوەندە زانستییەکانی کوردستان .

**5-** دانانی مەرج و رێنمایی گونجا و بۆ ریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و جیهانییەکان کە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاردەکەن بەجۆرێك نەبنە هۆکاری بلاوکردنەوەی بەها و پیوەر و رەفتارێك کە زیان بە کۆمەڵگا بگەیەنیت.

### 3- ڕاسپاردەکانی تویژینەوە:

1- گرنگیدان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر، سەبارەت بە چییەتی و چۆنیەتی جیهانگیری ، بەتایبەتی لە ڕەهەندە کولوری و کۆمەڵایەتییەکانیدا.

2- لەبەر ئەوەی خێزان وەك یەکێك لە کاریگەرترین دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆمەڵگای کوردیدا دادەنرێت، بۆیە توێژینەوە سەبارەت بە پێگەی خیزان بکرێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کەئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای نوییەشدارن لەم پرۆسەیەدا.

3- جگە لە کاریگەری پرۆسەی جیهانگیری لەسەر گۆرانی کۆمەڵایەتی، هۆکار و فاکتەریتر هەن کە رۆلیان هەیە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە توێژەران تویژینەوەی زیاتر سەبارەت بە رەگەزەکانی گۆرانی کۆمەڵایەتی بکەن وە ئەو فاکتەرانەی رۆڵیان هەیە لەم پرۆسەیەدا بیخەنەروو.

4- گرنگیدان بە توێژینەوە سەبارەت بە شێوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی بە فەرمی و نافەرمیەوە لە سەردەمی ئێستادا لە کۆمەڵگای کوردیدا.

## لیستی سەرچاوەکان

**1- سەرچاوە کوردییەکان.**

**1-1- کتێبەکان:**

1- ئەبراش،ئیبراهیم. (2013)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و:دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

2- بارام، حسن. (2017)، جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

3- شوانی، دکتۆر محمد حسین. (2015)، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا،چاپخانەی هێڤی:هەولێر.

4- شاکر، عوسمان حەسەن. (2011)، جیهانگیری و کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

5- صالح، هاشم. (2012)، لە مۆدیرنەوە بۆ جیهانگیری، وەرگێران: عیرفان محمد، ئەرسەلان ئێناخ،چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد. (2007)، بەجیهانیبوون، کولتوور، شوناس، وەرگیران: عەبدوڵڵا بەهرامی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
7- عەبدولقادر، نازناز محەمەد. (2014)، سیستەمی خویندنی باڵا لە گلۆباڵیزەیشن دا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
8- عومەر، دکتۆر مەعەن خەلیل. (2012)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆکەڵناسیدا، وەرگێران:دکتۆر محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

**2-1- نامەی ماستەرە کوردییەکان:**

1- حسین، یوسف حسن. (2014)، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر کولتوور، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، پێشکەش کراوە بە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
2- صادق، ئاری انور. (2011)، ڕۆڵی دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە گۆرانی کۆمەڵایەتیدا، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، پێشکەشکراوە بە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**2- سەرچاوە عەرەبییەکان: (المصادر العربية)**

**1-2- کتێبەکان: (الكتابات)**

1- زيبارى، طاهر حسو. (2011)،*اساليب البحث العلمى فى علم الاجتماع*، المؤسسة الجامعية للدراسة و النشر و التوزيع، بيروت.
2- عمر، د.معن خليل. (1983)، الموضوعية و التحليل فى البحث الاجتماعى، دار الافاق الجديدة: بيروت.

**2-2- نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرا: (رسالة الماجستير و اطروحة الدكتوراة)**

1- المطيري، عبيد سعود عبيد. (2013)، العولمة و اثرها علي الثقافة السياسية لدي طلبة جامعة الكويت، رسالة الماجستير في العلوم السياسية، كلية الاداب و العلوم، جامعة الشرق الاوسط.
2- حاج حمد، ديانا أيمن راشد. (2012)، أثر العولمة الثقافية على مواطني الضفة الغربية، رسالة الماجستير في التخطيط والتنمية السياسية، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.
3- سفيان، بوعطيط. (2012)، تاقيم الشخصية في ظل التغير الاجتماعي و علاقتها بالتوافق المهني، اطروحة دكتوراه علوم في علم النفس العمل و التنظيم، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية, قسم علم النفس و علوم التربية و الارطوفونيا، جامعة منتوري-قسنطينة, الجزائر.
4- عويشة، بوجمعة. (2013)، العولمة و الترجمة و اثارها الاقتصادية، رسالة ماجستير، غير منشورة, مقدمة الى قسم الترجمة، كلية الاداب و اللغات الفنون، جامعة وەران، السانيا، الجزائر.

5- مناصرية، ميمونة. (2012)، هوية المجتمع المحلي في مواجهة العولمة، اطروحة الدكتوراه العلوم في علم الاجتماع التنمية،غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب, جامعة محمد خيضر-بسكرة، الجزائر.

6- ميرزا، كمال. (2011)، السينما و التغير الاجتماعي في الاردن:عمان نموذجا، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الي كلية الاداب, قسم الانثروبولوجيا الاجتماعية، جامعة اليرموك، اربد، الاردن.

7- ماجدة، حجار. (2010)، العولمة والعنف مقاربة سوسيولوجية لظاهرة العنف في ظل العولمة، أطروحة الدكتوراه، مقدمة الى كلية العلوم فرع تنمية و تسيير الموارد البشرية، جامعة منتوري – قسنطينة- الجزائر، كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإجتماعية، قسم علم الإجتماع.

8- مال، حامد احمد. (2009)، العولمة في ظل التطور التقني وآثارها في مستقبل الوطن العربي أطروحة قدمت إلى جامعة سانت آليمنتس العالمية، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الدآتوراه في اختصاص العلوم السياسية، جامعة سانت آليمنتس قسم العلوم السياسية، بغداد.

9- هداج، العيد. (2014)، تاثير العولمة علي دور الاسرة في التنشئة الاجتماعية, رسالة الماجستير في علم الاجتماع, جامعة سطيف, كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية, قسم علوم الاجتماع, سطيف.

**3-2- گۆڤارەكان: (المجلات)**

1- الحديثي، ا. د. صصلاح ياسين محمد، و عبدالعزيز، معتز خالد. (2011)، التاثيرات السلبية و الايجابية للعولمة في القضايا الاجتماعية و الثقافية و السياسية و الاقتصادية، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، المجلد 11، العدد 1.

2- البرزنجي، عبدالحميد علي سعيد. (2018)، دور الشباب في التغير الاجتماعي، دراسة ميدانية في جامعة صلاح الدين-اربيل، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، acadj@arm ian.edu.krd Vol.5, No.1 (May, 2018).

3- الزهراء، مسعودي و رشيدة، مسعودي. (2017)، التنشئة الاجتماعية لمواجهة تأثيرات العولمة على كفاءة العنصر البشري وفعالية مشاركته في تحقيق التنمية الاقتصادية، المجلة العلمية لجامعة الجزائر3 العدد 09.

4- الرفوع، عاطف عودة. (2011)،تحديات العولمة، حوليات آداب عني مشس - اجملد 93.

5- بوعدة،حسينة. (2017)، التغير الاجتماعي عند ابن خلدون، مقاربة سوسيولوجية، جامعة الجلفة، مجلة افاق العلوم، العدد الثامن-ج2.

6- جاه، عمر. (2004)، العولمة والتغيرات الاجتماعية – الثقافية في العالم الإسلامي، إسلامية المعرفة، السنة التاسعة، العدد 37-38 ،صيف وخريف).

7- ديانا ايمن راشد حاج احمد. (2012)، أثر العولمة الثقافية على مواطني الضفة الغربية، رسالة الماجستير, كلية التعليم العالي، جامعة النجاح, نابلس، فلسطين.
8- شينار، سامية و اية، بولحبال، (2020)، أساليب التنشئة االجتماعية في ظل العولمة الثقافية، مجلة العلوم اإلنسانية لجامعة أم البواقي المجلد7،العدد3 – ديسمبر.
9- فرنكة، د.نجاة العارف. (2016)، المراة و عوامل التغير الاجتماعي، مجلة الاستاذ، العدد 11، خريف.
10- فتيحة، هارون. (2019)، العولمة و تجلياتها الثقافية و الاجتماعية، مجلة الاسرة والمجتمع المجلد:07/ العدد:02.
11- قاسم، د. عبدالمريد عبدالجبار. (2014)، الوعي بتحديات العولمة الثقافية لدي طلبة جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية و علاقتة بالمسؤولية الاجتماعية، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد السادس و الثلاثون.
12- محفوظ، حازم يوسف.(2017)، حقوق الانسان في ظل العولمة، مجلة البخث العلمي في الاداب, العدد الثامن عشر, الجزء الثاني

**3 - English Sources ( سەرچاوە ئینگلیزییەکان) :**

1- Kraidy, M. M. (2002). Globalization of culture through the media. Encyclopedia of communication and information, 359.
2- Sheldon, E.B & Moore, W. E.(1968). Indicators of social change: Concepts and measurements. Russell Sage Foundation.
3-Sztompka, P. (2004).The trauma of social change. Cultural Trauma and Collective Identity, California University Press, Berkeley, 6, 155-197.
4-Mackay, H. (2004). The globalization of culture?. A Globalized World, 44-81.
5- Waters, M. (2013). Globalization. Routledge.

# تاثيرات العولمة علي التغير الاجتماعي

## بحث ميداني في مدينة اربيل

## ملخص البحث

العولمة ظاهرة متعددة الأبعاد، و لها التأثير المباشر و الغير المباشر على المجتماعات. من هذا المنطلق، تهدف بحثنا هذا إلى وضع الضوء حول الأبعاد الإجتماعية و التراثية للعولمة. على وجه الخصوص عرض تأثيرات العولمة على التغيرات الإجتماعية في المجتمع الكوردي. قسمنا البحث على عدة أقسام، تتضمن القسم الأول المتكون من مبحثين أبعاد البحث. نبحث في المبحث الأول مشكلة و أهمية و هدف البحث و نعرض في المبحث

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الثاني تعريف العولمة و التغير الأجتماعي. خصصنا القسم الثاني للأبحاث التي بحثت في الموضوع و عرضنا بحثين بلغتين العربية و الكوردية و في القسم الثالث درسنا العلاقة بين العولمة و التغيرات التراثية و الأجتماعية، و بيننا الجوانب الأجابية و السلبية للموضوع. و تتضمن القسم الرابع الأطار النظري و العمل الميداني للبحث. و عرظنا في القسم الخامس المعلومات التي حصلنا عليها. و تم تخصيص القسم السادس والأخير للأستنتاجات و المبادرات و توصيات البحث.

# The effect of globalization on social change
## (A Field Study in Erbil City)

**Twana Othman Mohamedamen**
Department of Sociology, College of International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
lfu.edu.krd@twana.amin
twana.mohamedamen@su.edu.krd

## Abstract
Globalization is a multi-dimensional phenomenal, It has a direct and indirect impact on societies. From this point of view, our research aims to highlight around cultural and social aspects of globalization. In particular demonstration of the impact of globalization on social changes in Kurdish society.
This research contained several sections; first section includes two researches of research dimensions. In the first research we focused on problems, significance and the objective of the research and we focused on the second research on definition of globalization and the social changes. The second section devoted on researches that focused on the subject and demonstrated two researches in Kurdish and Arabic languages and also in the third section the connections between globalization and the social and cultural changes were studied, and pointed out thenegative and the positive side of the subject. The fourth section includes the theoretical frame and the field working of the research. And in section five we outlined information obtained in

this research. The six and the final section devoted to the findings, initiatives and the recommendations.